کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-12-2007 15:23بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**بۆ تەرزە خانم... تەرزە جاف.... کاوە پێنجوینی**

خانمەکەم ئیمرۆ بابەتێکتم لە کوردستان نیت بینی نەمتوانی بێدەنگ بهێڵم تێپەڕێت و ئەم چەند وشەیەت بۆ نەنوسم... ڕەنگە هەر من نەبم کە لەمێژە چاوەڕێی دەنگێکی ژنانەی ڕەسەن بوبێتم بێ ترس، بوێرێ ڕاستگۆیانە باسی ئەزمونی ژن بوونی خۆی بکات، بە زمانی خۆی بدوێ و بێ ڕتووش گوزارشت لە بوونی بکات...

چەند ساڵێک لەمەوبەریش پارچە هۆنراوەیەکت بڵاوکردەوە کۆمەڵێک یادەوەری خۆت بە ووشە سپاردبوو، هەر لە یادما ماوە یەکجار ناسک بوو.

ئەوەی ئەم نوسینەی جیاکردۆتەوە بەبڕوای من ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆیەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا لەگەڵ خوێنەرەکەیدا ئەتوانێت دروستی بکات. بە کۆمەڵێک ووشەی یەکجار سادە بێ بەکارهێنانی مانای خوازراوو وتێرمی قەبە ژنێک بە پشتبەستن بە دیدی و بڕوابوون بەهزری بە زمانی ڕۆژانەی خۆی پێناسەی واقعی خۆی ئەکات.

بەداخەوە ئەم شێوازی نوسینە بەتایبەتی لەناو ژنی کورددا یەکجار کەمە. زۆری ئەوانەی کە هەوڵیان هەیە لە بوارەکەدا دێن و دوای خوێندنەوەیەکی ناتەواو و وەرگێڕانێکی شێواو، کاڵ و کرچانە و بێ بۆنە هەندێ ناوی زل ئەئاخنە بابەتەکانیانەوە بەو هیوایەی مۆرکێکی مەعریفی لێبدەن وجێیەکیش بۆ خۆیان لە لیستی ڕۆشنبیراندا بکەنەوە. کە باسی کێشەی ژن ئەکەن خۆیان لەسەروو ئەوتوێژەوە ئەبینن کە خاوەنی کێشەکەن، بەشێوازێک کە خۆیان پێش هەموو کەس توشی دابڕان و نامۆبوون لە خودی خۆیان و لە واقعیان ئەکەن. هەمیشە ئەوانی ترن کە ماف پێشێلکراوو وبەدبەختن و ئەم قەڵەم بەدەستانەش لەلوتکەوە لەبەر گەورەیی و میهرەبانیان و تەنها لەڕوانگەی بەزەییەوە ئاوڕێکی مەعریفیانە لە دەستە خوشکەکانیان ئەدەنەوە.

وەک ئەوەی دێن لەئەوروپای ئازادیشەوە کە باس لە کێشە ناسکەکانی ژنبونیان ئەکەن، وەک خەتەنە بۆنمونە ناوێرن دان بە قوربانی بونی خۆیاندا بنێن کە ئەو تاوانە چەند ژیانی شێواندوون و ئارەزوو و چێژی بو سێکس کەم کردوون و ژیانی هاوسەری تێکداون دێن ولە دووری هەزار میلەوە پەنجە بۆبابەتەکە درێژ ئەکەن.

من دڵنیام لەوەی ژیانی ژنی کورد بەهەموو چین و توێژەکانیانەوە پابەندی ژن بونیەتی. ئەو دابڕانەی لە نێوان نێر ومێی کورددا هەیە گەلێک قووڵە و بێدەنگی ژنی کورد قوڵتری کردووە یان ڕاستترە بڵێم بێ زمانی چونکە هەموو قیژە قیژێک دەربڕین نیە.

ئەم بابەتەی تۆ دەرگایەک بۆ یەکتر ناسین و بۆبینین لە دیدی یەکەوە و هەستکردن بە ڕۆحی یەک ئەکاتەوە..

هیوای بوێری و ڕاستگۆییت بۆئەخوازم

Kawa. penjweni@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.